# حەمە سەعید حەسەن ..
# لە دەرەوەی بازنەی هاولاتیبوونە!!

نوری بێخاڵی

ئەگەر هەڵە نەبم، "پەشێو"ی هۆزانڤان لە کۆتایی هۆنراوەی (بۆ ڤالیا)دا وا دەنووسێ و دەڵێ:

**ئەی ڤالیا**

**نیاندەرتاڵ بووم**

**کاتێ پێی خۆم نایە دونیا**

**بە چاوی خۆم**

**چاخی هەموو پێغەمبەرانم دیوە**

**کاروانی مێژووی شەرمەزار**

**بە سەر نەوچەوانی منی هەژار**

**تێپەڕیوە**

**کەچی هێشتا**

**ئۆفیسە دەجال و**

**ویژدان تۆپیوەکانی ئەم چاخە**

**ناوی منیان لە دەفتەری زیندووانداا**

**نەنووسیوە**

ئەگەر ئەو خوێندنەوەیەی (پەشێو)ی هۆزانڤان بۆ نادیدەیی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر بوون و ڕەسەنایەتی کورد، بەو کارە دزێوە و هەوڵە نەزۆکەی تیرۆرکردنی نووسەر و ڕەخنەگری ناسراوی کورد (حەمە سەعید حەسەن) بەراورد بکەین، کە ئەو ڕۆژە هەمووی سێ کاتژمێر بوو بە سەردان گەیشتبووە سلێمانی، بێئومێدییەکی زۆر بەرامبەر ئاییندەی ئەم ولاتە و لەبەردەم هوتافگەلی دیموکراسییەت و مەدەنییەت مرۆڤ دادەگرێ، کە ڕۆژانە بەسەر سەری خەڵکدا هەڕاج دەکرێن .. ئاخر ئاساییە دوژمنێکی سەرسەخت، کە تەنها زمانێك بۆ قبوڵکردنی کورد هەیبوو، کوشتن و سڕینەوە بوو، ئەو ڕەفتارە بکات و ئەو شێوە هەڵوێستە نا مرۆییانە بگرێتە بەر و نکۆڵی لە بوون و مافی نەتەوەیەك بکات، بەڵام نەك هەر ئاسایی نییە، بگرە مایەی هەڵوەستە لەسەر کردن و جێی پرسیار و گومانێکی زۆرە، کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی حزبێکی کوردیدا، ئاسایش و دادگا خۆیان لە ڕۆڵەیەکی ئەم نیشتمانە نەناس بکەن، کەس و قەڵەمێك، کە دڕندەیی و چاوسوورکردنەوەی دەزگا سەرکوتکارەکانی داگیرکەر چۆکی پێنەدا و بەخشیشەکانی بەعس قەڵەمە سەرکەشەکەی پێ ڕام و سندم نەکراو و "مەریوان" وتەنی نەبووە ڕۆشنبیری نائیب عەریف، لەوەش بترازێ لە ڕۆژانی سەختدا هاوسەنگەری پێشمەرگە، تەنانەت زۆرێك لە پێشمەرگە و سەرکردە دیارەکانی ئەو حزبە بووبێت، کەچی وەکو هەر هاوولاتییەکی سادە، کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر و ماف و بوون و بەهای مرۆییانەی پێشێل دەکرێ لێی بە خاوەن دەرنەکەون، لە کاتێکدا بە گوێرەی سەرەتاییترین تێگەیشتن لە مێژوو و مەعریفەی مافەکانی مرۆڤ، پاراستنی سەر و ژیان و کەرامەتی مرۆڤ ئەلفوبێی مافەکانیەتی و ئەو پاراستنەشی لە ئەستۆی حکومەت دایە، (با ئەو کەسەش لە بیرکردنەوە و دونیابینیدا لەگەڵ ئەو حزب و دەسەڵاتە جیاواز بێت و ڕەخنە لە کار و بەرنامە و هەڵوێستەکانی بگرێ، بە تایبەتی حزبێك کە خۆی بە سەرمەشقی دیموکراسییەت و مژدەبەخشی کۆمەڵگایەکی کراوە و مەدەنی دەزانێ و بانگەشەی بەردەوام بۆ نوێبوونەوە و گۆڕان و چاکسازی دەکات).

ئەوەتا دواى هەوڵی تیرۆرکردنی ئەو نووسەرە لە سلێمانی، سەرەڕاى ئەوەى تاوانبار لە ناو بازنەى پەیوەندییە و نەگیراوە، کەچی بە چەشنێك لە سەر ئاستی دەزگاکانی ئاسایش و داگادا وا مامەڵە و رەفتار لەگەڵ کێشەى ئەو نووسەرە دەکرێ، وەك ئەوەى چاوى ئاسایش لەو ناوە خەوتبێت و پیاوانی یاساش خەریکی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی دەفگەلی یاسایی وابن، کە لەگەڵ رەوش و هەلومەرجی نا ئاسایی ئەو مرۆڤە بگونجێ، چونکە وەك دەردەکەوێ (بەداواى لێبوردن لە حەمە سەعید)، چەشنی فلیمی کارتۆن و فلیمەکانی خەیاڵی زانستی، ئەو نووسەرە بوونەوەرێکی نامۆى دەرەوەى سەر زەمین و بەتایبەتیش جوگرافیاى کوردستانە و لە هەسارەیەکی ترەوە هاتووە، کە هێشتا نەك نەدۆزراوەتەوە، بگرە پێشبینی دۆزینەوەیشی نەکراوە (ئەگەرچی لەم رۆژانەى دوایی و بە پێی هەواڵە زانستییەکان هەسارەیەکی تر دۆزراوەتەوە)، بۆیەش کێشەکەى بە هەڵپەسێردراوى ماوەتەوە، یان دوور نییە کێشەکەى رەوانەى مەکتەبی کۆمەڵایەتی کرابێت، بەو پێیەى ئەوە کێشەیەکی خێزانییە و ئیدى برا لەماڵەوە هەر شەڕیان دەبێت و دەکرێ بە ئاشتبوونەوەیەکی خێزانی گەردن ئازایی لە یەکتر بکەن، ئەگینا ڤیڕ و جەهەننەم، ئەوە کەى ئیشی ئاسایش و دادگایە دەست وەربداتە ناو کاروبارى خێزان و کێشە و پەیوەندییەکانی، بە تایبەتی کە تا ئەو چرکەیەش (بەش بەحاڵی خۆم) نە لەسەر زارى تاوانبار و نە لە خودى نووسەر و نە لە دەزگاى ئاسایش و دەزگاکانی راگەیاندن هۆکار و کرۆکی ئەو کێشە و رووداوەم نەبیستووە، کە خودى ئەو تەماویی بوونەى کێشەکە و دیار نەبوونی سەرەداو و هۆکارەکانی جێی پرسیار و گومانە، ئێ هەر دەبێ بپرسین (غەفور) بۆ دواى ئەو هەموو ساڵ دابڕان و دوورییە، لە برى پێشوازى گەرم و باوەش پێداکردن، گوللە بە براکەیەوە بنێ؟!
بەهەرحاڵ من پێم وایە یەکەم جار (حەمە) هەڵەى کرد چووە سلێمانی، دووەم جار دەبوا هەر لە گەڕانەوەى یەکەم و سەرەتایدا لە هەندارەنەوە بۆ کوردستان سۆراخێکی تۆمارى فەرمانگە و دەزگاکانی بارى شارستانی و کەسی سلێمانی کردبایە، کە ئاخۆ بەڕاست کوردە و خەڵکی سلێمانییە و هاوڵاتی کوردستانە، یان بە سەر باڵی سیمرخێکەوە و لە هەسارەیەکی ترەوە تەشریفی بۆ ئێرە هێناوە و تەشقەڵە بە حزب و دەسەلات و کایەکانی نەریتگەرا و باوەڕسالار دەفرۆشێ و رەخنەى بێ مانایان لێ دەگرێ.. چونکە لەم وڵاتەى ئێمە تا ئێستا و ئیتر نازانم سبەى چۆن دەبێت، هاوڵاتی بە تەنها ئەوە نییە لێرە لە دایك بووبێت و خەڵکی ئێرە بێت، بەڵکو ئیمتیازاتی دیکە هەن، کە ئەو شوناس و ماف و ئازادى و رەواییەى پێدەدەن، کە لێرە بژیێت و قسە بکات، ئیدى بەو پێوەر و پێوانەیە بێت(حەمە سەعید) مافی ئەو ئیمتیازاتانەى نییە (چش لەوەى بە پەناهەندەى وەربگرن!!)، بۆیە خراوەتە دەرەوەى بازنەى هاوڵاتیبوون و برا تاوانبارەکەیشی لەناو بازنەى ئاسیا سێل دایە !!

**★★ بە داواى لێبوردن لە "پەشێو"، ئەگەر هەڵەیەك لە هۆنراوەکەى هەبێت.**